ریبوار احمد:

# "میراتی منصور حکمت گه نجینه‌یه‌کی گه‌وره‌یه له‌به‌رده‌ست به‌شه‌ریه‌تی ئازادیخواز له خه‌باتدا بۆ ئازادی‌و یه‌کسانی‌و سۆسیالیزم."

## له‌وه‌لام به‌پرسیاریکی بلاوکراوه‌ی " لاوانی حیکمه‌تیست"دا

لاوانی حیکمه‌تیست: بزوتنه‌وه‌ی کۆمۆنیزمی کریکاری له‌عیراق:
حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق، حیزبیك بوو به‌ده‌خاله‌تی تیوه‌ری وپراتیکی مه‌نسوورحیکمه‌ت لەم کۆمه‌لگایه‌دا پیکهات. به‌لام پیده‌چیت وێنایه‌ك که‌به‌شیکی زۆری لاوان له‌ئیران هه‌یان بیت، ئه‌وه‌بێ که مه‌نسور حیکمه‌ت رۆشنبیریکی کۆمۆنیستی کۆمه‌لگای ئیرانه. له‌مباره‌وه ئه‌گه‌ر بکری سه‌رنجی خۆتان له‌سه‌ر ئه‌و کاریگه‌ریانه بده‌ن که مه‌نسور حیکمه‌ت بوویه‌تی له‌کۆمه‌لگای عیراقدا، له‌وه‌ش گرنگتر ئه‌و کاریگه‌ریانه چی بوون که‌به‌سه‌ر چه‌پ وبزوتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی ئه‌م ولاته‌دا بووه‌یه‌تی وه‌ئیستاش ئه‌م بزوتنه‌وه‌یه  چ جیگاو ریگایه‌کی هه‌یه؟

وه‌لامی ریبوار احمد/ منصور حکمت ته‌نها رابه‌ریکی کۆمۆنیست‌و بیرمه‌ندیکی گه‌وره‌ی په‌یوه‌ست به کۆمه‌لگای ئیران نیه. به‌لکو وه‌کو هه‌موو گه‌وره رابه‌ران‌و بیرمه‌ندانی تری کۆمۆنیزم، په‌یوه‌سته به هه‌موو بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی‌و به‌شه‌ریه‌تی ئازادیخواز له سه‌راسه‌ری دنیادا. هه‌موو به‌شه‌ریه‌تی بۆ ئه‌وه‌ی له زولم‌و سته‌م‌و نایه‌کسانی رزگاری بیت، پیویستی به منصور حکمت‌و ده‌رس‌و تیئوریه‌کانی ئه‌و هه‌یه. میراتی منصور حکمت گه‌نجینه‌یه‌کی گه‌وره‌یه له‌به‌رده‌ست به‌شه‌ریه‌تی ئازادیخواز له خه‌باتدا بۆ ئازادی‌و یه‌کسانی‌و سۆسیالیزم.

له کۆمه‌لگای عیراقدا هه‌ر ئیستا تا راده‌یه‌کی زۆر منصور حکمت ئه‌م جیگاوریگایه‌ی په‌یداکردووه. هه‌ر ئیستا هه‌زاران ژن‌و پیاو، هه‌زاران هه‌لسوراوی کۆمۆنیست، منصور حکمت به‌رابه‌ری خۆیان ده‌زانن‌و له مه‌یدانه جیاجیاکانی خه‌باتی سیاسی‌و کۆمه‌لایه‌تیدا، به تیئوری‌و سیاسه‌ت‌و نه‌خشه‌کانی خه‌ریکی کارو هه‌لسورانن. ده‌وری ئه‌و له‌سه‌ر کۆمه‌لگاو بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی‌و ئازادیخوازی عیراق، له پیشدا له ریگای ئه‌وه‌وه بواری بۆ کرایه‌وه، که بزووتنه‌وه‌ی چه‌پ‌و کۆمۆنیستی ده‌ورانی هه‌شتاکان چوه ژیرباری کاریگه‌ری بۆچونه‌کانی ئه‌وه‌وه. دواتریش ئه‌م ده‌وره ئه‌بعادی سیاسی‌و کۆمه‌لایه‌تی فراوانتری په‌یداکرد..

له سه‌رتای هه‌شتاکانه‌وه کاتیك بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی ئه‌وکاتی کوردستانی عیراق، به شیوه‌یه‌کی سه‌ره‌تایی به باسه‌کانی منصور حکمت ئاشنایه‌تی په‌یداکرد، ئه‌ویش له ریگای هه‌ندیك له نوسراوه‌کانیه‌وه که زۆربه‌یان به ته‌رجومه کراوی‌و به شیوه‌ی ده‌ستنوس له نیو گروپ‌و مه‌حافله‌کاندا ده‌گه‌ران، ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه زۆر به خیرایی که‌وته ژیر کاریگه‌ری ئه‌و باسانه‌وه. به‌لام له ماوه‌یه‌کی کورتدا، مه‌سه‌له‌که زۆر له کاریگه‌ری واوه‌تر چوو. باس‌و نوسراوه‌کانی منصور حکمت گشت سیسته‌می فکری چه‌پی له ریشه‌وه هه‌لگیرایه‌وه. دروست هه‌ر به‌وجۆره‌ی که سه‌ره‌تا مارکس سیسته‌می فکری‌و تیئوری بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی سه‌رده‌می خۆی هه‌لته‌کاندو جاریکی تر له‌سه‌ر بنه‌مایه‌کی دروست‌و علمی دایرشته‌وه.

دوو قۆناغی  کۆمۆنیزم‌و بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی له عیراق، واته پیش ئاشنا بوون به منصور حکمت‌و پاش ئه‌وه، نه‌ك هه‌ر جیاوازیه‌کی زۆریان له‌گه‌ل یه‌ك هه‌یه، به‌لکو له ریشه‌وه جیاوازن‌و هیچیان له‌یه‌ك ناچیت.  پیش منصور حکمت کۆمۆنیزم له عیراق، هه‌ر به‌و جۆره‌ی کۆمۆنیزم له ئاستی جیهاندا له دوای شکستی شۆرشی ئۆکتۆبه‌ره‌وه، ئالای هه‌موو شتیك بوو، کرابوو به ئالای بزووتنه‌وه بورژوازیه‌کانی وه‌کو: دیموکراسی، رزگاری میللی‌و نیشتمانی، گه‌شه‌ی پیشه‌سازی.... ته‌نها ئالای ناره‌زایه‌تی کۆمه‌لایه‌تی چینی کریکار به سه‌رمایه‌داری نه‌بوو. پیش منصور حکمت نه‌ریتی باوی کۆمۆنیزم له عیراق ئه‌وه‌بوو که نه‌ك هه‌ر له‌گه‌ل ناسیونالیزم‌و پیاوسالاری‌و دین‌و نه‌ریته دواکه‌توانه‌کانی تردا بحه‌ویته‌وه، به‌لکو رایاکاریان بۆ بکات. پیش منصور حکمت له بۆچونی کۆمۆنیزمی عیراقدا، رادیکال بوون‌و کۆمه‌لایه‌تی بوون دوو جه‌مسه‌ری ناکۆك بوون له‌گه‌ل یه‌کتری، بچوك بوون‌و په‌راویز که‌وتن گرفت نه‌بوو، کۆمه‌لگاو کیشه‌کانی‌و ده‌خاله‌تگه‌ری سیاسی بنه‌ما نه‌بوو، ده‌سه‌لاتی سیاسی مه‌سه‌له‌ی کۆمۆنیزم نه‌بوو، سۆسیالیزم ئامانجیکی نارۆشن‌و حه‌تمی داهاتویه‌کی دوری نا په‌یوه‌ست بوو به ئیراده‌و ده‌وری ئینسانه‌وه. له رووی فه‌رهه‌نگیه‌وه شه‌رقگه‌راو دواکه‌وتوو بوو.........ئیستا هه‌موو ئه‌وانه به فه‌زلی منصور حکمت هه‌لگه‌روانه‌ته‌وه.

کۆمۆنیزمی منصور حکمت له هه‌موو رویه‌که‌وه بزووتنه‌وه‌ی کۆمۆنیستی ئه‌و ده‌ورانه‌ی کوردستانی عیراقی هه‌لگیرایه‌وه. به‌ره به‌ره له ریگای چه‌پی کوردستانه‌وه کۆمۆنیزمی کریکاری په‌ل‌وپۆی بۆ ناوچه‌کانی تری عیراقیش هاویشت، ده‌گه‌یشته هه‌ر جیگایه‌کیش هه‌مان کاریگه‌ری داده‌نا. سه‌رئه‌نجام بزووتنه‌وه‌ی چه‌پی کوردستان به‌و ئاشنایه‌تیه که له بۆچونه‌کانی منصور حکمت په‌یدای کردبوو، بۆ یه‌که‌مجار له ئاستیکی کۆمه‌لایه‌تیدا ده‌خاله‌تی له راپه‌رینی ئازاری 1991 کردو به‌ده‌ر له هه‌موو نارۆشنی‌و گرفت‌و که‌م‌و کوریه‌کانی ، وه‌کو ره‌وت‌و بزووتنه‌وه‌یه‌کی کاریگه‌ر ده‌وری خۆی گیراو به‌راستی

کۆمەلیك نەریتی خەباتکارانەو دروشمی رادیکالو مەسەلەی تازەی هینایە مەیدانی سیاسیو کۆمەلایەتی کوردستانەوە. ریزبەستنیکی تازەی لە کۆمەلگای کوردستاندا شکلپیدا، ئالای سەربەخۆی چینی کریکاری لە مەیدانی کیشمەکیشەکانی کۆمەلگادا بەرزکردەوە، بۆ یەکەمجار لە روانگەی سۆسیالیزمو چینی کریکارەوە ناسیونالیزمی کوردو ئیسلامو پیاوسالاری و نەریتە باوەکان درانە بەر رەخنەی روونو راشکاو. چەندین ریکخراوی سیاسیو جەماوەری دەخالەتگەر لەسەر بناغەی بۆچونەکانی ئەو سەریانهەلداو کەوتنە هەلسوران. لیرەوە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی پیی نایە قۆناغیکی تازەوە، هاوتای ئەمەش لە ناوچەکانی تری عیراقدا مەحافلو کۆروکۆمەلی کۆمۆنیستی لە دەوری باسەکانی منصور حکمت دەستی بە شکلگرتن کرد. سەرئەنجام لە سالی 1993دا بە پیی نەخشەو دەستپیشخەریو بە رابەری راستەوخۆی منصور حکمت، حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق پیکهات. منصور حکمت تا ئاخرین ساتی ژیانی ئەندامو رابەرو سیاسەتمەدارو مفکرو ستراتیژیستی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق بوو. هەرچەندە ئەو هیچ کات لە کارو دەوری ئەم حیزبە رازی نەبوو، بەلام هەمیشە وەکو دیاردەیەکی زۆر عەزیزی خۆی چاوی لی دەکردو مامەلەی لەگەل دەکردو لە هەموو تولە ریگاو تەنگانەو دەورانە سەختەکاندا بە فریای دەگەیشتو دەستی دەکردو دەیپەراندەوە.

بەلام دەورو کاریگەری منصور حکمت لە کۆمەلگای عیراقدا تەنها بە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی بەرتەسك نەبوەتەوە. لە پیشدا بەو بۆنەیەوە کە ئەو پراتیکە کۆمەلایەتیەی کە بزووتنەوەی کۆمۆنیستی لەسەر بناغەی تیئوریەکانی ئەو، لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەلایەتیدا بەریوەی بردوە، کاریگەریەکی واقعی هەبوو لە کۆمەلگادا، بۆ نمونە دەخالەتی کۆمۆنیزمی کریکاری وەکو هیزیکی سیاسی لە کیشمەکیشە سیاسیو کۆمەلایەتیەکاندا، دەرکەوتنی دەوری چینی کریکار لە مەیدانی سیاسیدا، بەرجەستەبوونو هەمەگیربوونی مەسەلەی ژنانو خواستی یەکسانی ژنو پیاوو هاتنەمەیدانی بزووتنەوەی ژنان، بەهیزبوونی رەوتی سکولاریزمو رووبەرووبونەوەی پەیگیرانە لەگەل ئیسلامی سیاسی، خەباتی بۆ بەرگری لە ئازادی بیقەیدوشەرتی سیاسی...ئەمانەو زور مەسەلەی تر، لە ئاستیکی فراوانی کۆمەلایەتیدا، بە ناوی منصور حکمتو کۆمۆنیزمی کریکاریەوە تۆماربووە.

لە مەیدانی سیاسیشدا، منصور حکمت بۆ خۆی جیگایەکی تایبەتی هەیە لە هاوکیشەی سیاسیدا. ئەو وەکو خۆی کەسایەتیەکی دەخالەتگەربوو لە مەیدانی سیاسی عیراقدا، لەسەر مەسەلە سەرەکیو گریٌ ئالۆزەکانی عیراقو کوردستان باسی داهینەرانەی بووەو هەلویستی دروستو ریگاچارەی واقعی خستوەتەروو. بۆ نمونە جەنگی 1991ی ئەمریکاو هاوپەیکانەکانی لە دژی عیراق، حصاری ئابوری، راپەرینو رووداوەکانی 1991 کوردستانی عیراق، دەوری ناسیونالیزمی عەرەبو کورد، کیشەی کوردو سەرگەردانی کۆمەلگای کوردستان، ...لە هەموو ئەو مەسەلانەشدا هەلویستو لیکدانەوەو ئەنجامگیریەکانی منصور حکمت، بە پیچەوانەی تەیارەوە بووەو باسو جەدلو بینەوبردەی زۆری خولقاندوە. ئەوەی ئەو دەیگوت بە بیری کەسدا نەدەهاتو لەگەل هیچ یەك لە هەلویستو بۆچونە مەوجودەکاندا نەدەهاتەوە. لەم بارەیەوە تەنها دوو نمونە باس دەکەم، یەکەم لیکدانەوەو هەلویستی ئەو بەرامبەر ئەزمەی خەلیجی سالی 1991 کە بە داگیرکردنی کویت لەلایەن رژیمی بەعسو لەشکرکیشی ئەمریکا بۆ ناوچەکە هاتەکایەوە. منصور حکمت چونکە هەموو ئەبعادو لایەنەکانی هەلومەرجەکەی دەبینیو دەیزانی ئەمریکا دەیەویٌ بۆ زالکردنی نەزمی ملهورانەی خۆی بەسەر دنیادا، کەلك لە سەرچلیەکانی رژیمی بەعس وەرگریت، وە بەو هۆیەوە کە ئەو دەیزانی بە جەنگی ئەمریکا چ کارەساتگاو هەلومەرجیکی رەشتر دیتەکایەوە، هەلویستیکی گرت کە هەتا دوای جەنگیش تەنانەت بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستش هەزم ناکرا. ئەو داگیرکردنی کویتی مەحکوم نەکرد بەلکو شەری ئەمریکای لە دژی عیراق مەحکوم کرد. دواتر بە کردەوە دەرکەوت کە پیشبینیو هەلویستو لیکدانەوەکانی ئەو چەند راستو واقعی بوون.

مەسەلەیەکی تر خستنەرووی خواستی جیابونەوەی کوردستانی عیراق بوو. وەکو ریگاچارەیەکی واقعی هەم بۆ کۆتایهینانی بە ستەمی میللیو کیشەی کورد هەم بۆ دەربازکردنی کۆمەلگا لە سەرگەردانیو بوژاندنەوەی ژیانی مەدەنی. پیشتر باسیکی وا لە چوارچیوەی سیستەمی فکری چەپی عیراقدا وەکو کفریکی گەورە وابوو. بە تایبەتی کە تا سالانیکی زۆر چەپی کوردستانی عیراق یەکیك لە جیاوازیە هەرە سەرەکیەکانی خۆی لەگەل ناسیونالیزمی کورد بە سەراسەری بوونی خۆی و کوردستانی بوونی ناسیونالیزمی کورد دەزانی. بەلام منصور حکمت وەکو رابەریکی مارکسیستی بەرچاورۆشن، بە چاویکی کراوەوە تەماشای کۆمەلگاو کیشەو گیروگۆلەکانی دەکردو مارکسیزمی وەکو ئامرازیکی زانستی مامەلە دەکرد بۆ کردنەوەی ئەو گریگۆلانەو دۆزینەوەی ریگاچارەی دروست و ئینسانی، ئەو پابەندی کلیشەو حوکمی وشك نابوو، کۆمەلگا بۆ بنەما بوو. لەم روانگەیەوە گەیشت بەو ئەنجامەی کە لەو هەلومەرجەدا، جیابونەوەو پیکهاتنی دەولەتیکی سەربەخۆ ریگاچارەی واقعیو گونجاوو پیشکەوتوانەیە بۆ ئەم کۆمەلگایە.

هەموو رابەرانو سیاسەتمەدارانی بەرەی راستی کۆمەلگا، لە باسو هەلویستو دەخالەتەکانی منصور حکمت هەراسانو تورە بوون، زۆرجار وەکو عونصریکی نیو هاوکیشەی سیاسی هیرشیان کردوەتەسەریو تانەو تەشەریان لیداوە. لەو لاشەوە جەماوەریکی فراوان باسو ریگاچارەکانی ئەویان وەکو کلیلی کردنەوەی گریکویرە گەورەکان لیکداوەتەوەو باوەشیان بۆ کردوەتەوەو ئەویان بە رابەریکی لیوەشاوەی خۆیان زانیوە.

تەنانەت لە رووی فکریشەوە منصور حکمت عونصریکی بە هیزی ناو هاوکیشەی فکری کۆمەلگای عیراقە. بۆچونەکانی لە ئاستیکی فراواندا کاریگەریانداناوە. لە نیو جیدالی فکریدا قسەیان لەسەر دەکریتو جەدەلیان لەسەرە. رۆشنبیرانیکی زۆر چ بە مخالف چ بە موافق ئاماژە بە باسەکانی دەکەن. هەندیك لە نقدی ئەوداو هەندیك بە پشت بەستن بەو، بۆچونەکانی خۆیان دەخەنەروو.

ئەوانەی کە باسم کردن، لە پیشدا بە واقعی لە ئاستی کوردستاندا مەلوس‌و بەرجەستەبوون، بەلام لە ماوەی ئەم 3 سالەی دوای رووخانی رژیمی بەعس‌و کرانەوەی مەیدان بەرووی رەوت‌و بزووتنەوە جۆراوجۆرەکاندا، هەروەها هاوشان لەگەل پەرەگرتنی هەلسورانی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق لەسەر ئاستی ئەم کۆمەلگایە، ئیستا تا رادەیەکی زۆر هەمان ئەو کاریگەریانەی دەوری منصور حکمت، لە ئاستی سەراسەری عیراقدا بەرجەستە بوەتەوە. کۆمۆنیزمی منصور حکمت ئیستا لە هەولیرو سلیمانیەوە تا بغدادو بصرە وەکو رەوتیکی سیاسی دەخالەتگەرە لەسەراسەری ئەم کۆمەلگایەدا هەلدەسوریۆ لە کیشمەکیشەکاندا لەسەر ئیستاو ئایندەی کۆمەلگا دەور دەگیریت. ئەو بەشە لە نوسراوەکانی منصور کە بە عەرەبی‌و کوردی چاپ‌و بلاوکراونەتەوە، دەگەرین‌و دەخویندرینەوەو وەکو سەرچاوەیەکی گەورەی فکری‌و سیاسی چاویان لی دەکریت‌و کاریگەری لەسەر کۆمەلگا دادەنین. کۆمۆنیزمی منصور حکمت تاقە چرای ئومیدە لە کۆمەلگای عیراقدا بۆ رزگابوون لەو سیناریۆ تەرلخ‌و تاریك‌و رەشەی کە ئەمریکاو هیزە قەومی‌و دینیەکان خولقاندویانە. ئەگەر لەم نەبەردەدا سەرکەوتن بەدەست بهینیت، ئەوکات بە واقعی سەرنجی خەلکی دنیا بۆلای ئەوە دەچیت کە منصور حکمت چ بیرمەندو کەسایەتیەکی گەورە بووە، هەر ئەوکاتیش تیئوریەکانی دەبیتە رینیشاندەری بەشەریەتی هاوچەرخ لە پیناو ئازادی‌و یەکسانی‌و خۆشگوزەرانیدا.